# مەترسیەکانی کۆمەڵگای تێنو بۆ "پاڵەوانی فریادڕەس"

ئەیۆب بارزانی 8/8/202

وەرگێر: محه مەد شێروانی

لەم بابەتە فۆکس دەخینە سەر (هەرێمی کوردستانی فیدرال/عیراق) لە وانەیە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە زۆر دیاردەی هاوشێوەی ئەمەی باسی دەکەین هاوبەشبن.

ناوچەکە کۆمەڵێک قەیران وجەنگی دانەبڕاوی دەرەکی وناوخۆیی بەخۆ بینی ولەسەر دەستی رژێمە سەرکوتکەرەکان ودەسەڵاتدارە ستەمکارەکان گەلەکەمان توشی چەوساندن وتوندوتیژی ونەهامەتی بویەوە، ئەمەش حاڵەتێ هەستکردن بە ترس ودڵەراوکێ وخەم وخەفەتی بەردەوام لای گەلەکەمان دروست کرد. لێرەشدا مرۆڤی سەرکووتکراو وستەملێکراو کە لەتوانایدا نیە خۆی وخێزانی بپارێزێت بەدوای "قارەمانی فریادرەس" دا دەگەرێت بۆ ئەوەی لەچرنۆکی زەلیلی وبێ رێزی ودارمانی ناوخۆیی رزگاری بکات.

لێرەدا دەتوانین ئەم حاڵەتە بە جەستەیەک کە بەدەستی ئازاری شێرپەنجەوە دەناڵێنێت وپێویستیی بە پزیشکێکی پسپۆر ودەرمانێکی شەفادار هەیە بچوێنین... ئایە ئەو پزشیکە کێیە؟ یاخود لە سیاسەتدا ئەو "قارەمانە فریادرەسە" کێیە؟

تامەزرۆیی گەلان بۆ " قارەمانی فریادرەس" گوزارشت لە حاڵەتێکی سایکلۆجی دەکات هەروەها هەستکردن بە ئێش وئازار وبێتوانایی لەسەر بەرهەڵستی وا دەکات ئەو گەلانە متمانەیان بەخۆ نەمێنێت بەمەش خۆیان بەدەستەوە دەدەن وملکەچی دەسەڵات دەبن بەڵام لەناخەوە هەستی رق وقینەیان بەرامبەر رژێمی دەسەڵاتدار وئەو لایەنە نێودەوڵەتیانە کە پاڵپشتی دەکەن زیاد دەبێت، ماوەی ملکەچبوون وبۆرخواردن لەسەر پلەی پێشکەوتن ودواکەوتنی کۆمەڵگاکان وئەزمونە مێژوویەکانیان وئاستی هۆشیاری سیاسییان دەوەستێت.

هەروەها لەژێر گوشاری تامەزرۆیی بۆ رزگاربوون لە زەلیلی وهەژاری وبێ عەدالەتی ودارمانی بەکۆمەڵ خاڵێکی بنەرەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی مەبەست پشتگوێ دەخرێت کە ئەویش دڵنیابوونە لە لێهاتویی ئەو "قارەمانە فریادرەسە" بۆ ئەوەی بتوانێت گەلەکەی رزگار بکات، لێرەدا بێ ئەوەی تاقی بکرێت لێ وورد ببنەوە کوێرانە بەدوایدا دەکەون.

زۆر جار بەهۆی ملکەچبوون بۆ دز وجەردە حوکمڕانەکان، گەلان ڕەخنەباران دەکرێن، هۆکارە ڕاستەقینەکەشی ئەوەیە بەهاکانی بەرهەڵستی وشکومەندی لای گەلان شکێنراوە ودیاردەی رازی بون بە ئەمری واقیع وڕاهاتن لەگەڵ ستەمکار وخۆبەزلزاندا ڕەگی خۆی لە نێو گەلاندا داکوتیوە لەبەرامبەردا ئارەزو و ودڵبزۆکیەکانی " دەسەڵاتی ستەمکار " زیاد دەبن ولەو کاتەدا پێویستیی بە زیاتر چەوساندنەوە وزەوتکردنی مافەکان دەبێت و دەگاتە قەناعەتێک کە گەڵ نەفام ونەزان وتەمبەڵە بۆیە پێویستە بەدار هەروەک چۆن شوانێک مێگەلەکەی ڕادەنێت ئەوها ئەو گەلە ئاراستە بکرێت.

بێ بەر کردنی گەلان بەتایبەتی ئەو گەلانەی کە خاوەن هۆشیاریەکی سیاسی بەرز نین بەقۆناغێکی مەترسیدار دادەنرێت، لەوانەیە "سەرکردەیەکی خێڵەکی" دواکەوتوو وفێڵباز بۆ پرکردنی کەلێن وبوشاییەکان سەرهەڵبدات ڕەنگە ئەو سەرکردەیە لەو جۆرەی بێت کە توانای جولاندنی هەست وسۆزی گەلە بۆرخواردوەکانی هەیە ئەویش لەرێگای بەرزکردنەوەی دروشمی درۆ وپوکاو وەک ئازادکردنی خاک وبەزاندنی دوژمن وبونیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی پیرۆز وبەدیهێنانی ڕەونەقی ئابوری وچەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی ودادپەروەریی کۆمەڵایەتی.... هتد، جەماوەریش باوەریان پێ دەبێت وفەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن.

لەشەستەکانی سەدەی رابردوو سەرکردەکانی هێڵی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێشیاندا (مەلا مستەفا) سەرۆکی حزب وسەرکردەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بۆ رزگار کردنی گەل لەچەوساندنەوە ورەشبینی ونائومێدی رۆڵی "قارەمانی فریادرەس"بۆ خۆیان پاوانکرد.

گەلی کوردیش بۆ بەدەستهێنانی بەشێک لەمافە نەتەوییەکانی بۆ ماوەی پانزەساڵ بەدەست بڵاوی هەموو جورە قوربانیەکی پێشکەشی شۆرشی 1961 ـ 1975 کرد کە لەدواییدا وبە بەفەرمانی راستەوخۆی "قارەمانی فریادرەس" شورشەکە ئاشبەتاڵکرا ودەستبەرداری بەرپرسیاریەتیە مێژوویەکەی بوویەوە ولەدوای واژکردنی رێکەوتننامەی جەزائیر لەئازاری 1975 سەرکردایەتی بەهەموو ئەو پارەیە کە لەژێر ناوی گەل وشۆرشدا کۆ کرابوونەوە بەرەوە ئێران هەڵاتن، هەمان ئەو سەرکردایەتیە پێش ئەوەی لەسنوور بپەرنەوە کۆمەڵێک زیندانی سیاسی لە زیندانی ڕایاتیان کوشت وژمارەیەکی دیکەیان لە کوردستان دەرپەڕاند وناچاریان کردن بچنە پاڵ ڕژێمی سەدام حوسێن وداوای پاراستنی لێ بکەن ولەکۆتاییدا بەهەزان کەس لەسەر دەستی جەلادەکانی ڕژێمی بەعەس دووچاری کوشتن وبێسەروشوێنکردن کران.

بە ڕستەیەکی روونتر دەتوانین بڵێن سەرکردایەتیە شکستخواردوکە توانی "جێگرەوەی شیمانە کراو" بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی سەرکردایەتی لەناو ببات.

حاڵەتی شکەستخواردن وسەرەدەری کردن بەشێوەیەکی ستەمکارانە وئەنجامدانی کۆمەڵکوژیەکان لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێن لەدوای ئاشبەتاڵەکی 1975دا هەستکردن بەپێویستی گەل بۆ هەر خۆره "قارەمانێکی فریاردرەس" زیاتر لەجاران قولکردەوە چونکە ڕاگەواستنی بەکۆمەڵ وتاڵکردنی دێهاتەکانی کوردستان ولەناوبردنی شێوازی ژیانی کوردەواری تێنویەتی وتامەزرۆیی بۆ " قارەمانی فریادرەس" چەند هێندە کردەوە.

وبەهۆی ئەوەی کوردستان بەتواوەتی کەوتە چنگی دەسەلاتی حکومەت ودەزگا ئەمنیەکانی وسەردەری کردنیان بەشێوەیەکی دلڕەق وبێ بەزەیییانە لەگەڵ گەلی کوردا دەرکەوتنی سەرکردایەتیەکی نوێ ورەسەن لەناخی کۆمەڵگەدا کە جیاوازبێت لە سەرکرایەتیە شکەستخواردوو وبەزێنراوەکە ی پێشوو مەحاڵکرد. ئەم نەزۆکیە وبێتواناییە لە ئافراندنی سەرکردایەتیەکی جیاواز کە خاوەن بیر وهۆش وعەقلانیەت ودلسۆزی بێت گەلی کوردی بەزنجیر وئاسن، کۆت وبەند کرد.

ئەوشتەی کە مەترسیەکان زیادترکرد ئەوەبوو کە سەرکردایەتیە شکەستخواردووکە لەپشت سنوورەوە لە جموجوڵی بەردەوام دا بوون بۆ ئەوەی هیچ هێز وسەرکردایەتیەکی نوێ ئەو ناوچەسنوریانەی کە لە دانیشتوەکانیدا چۆڵ کرا بوون کۆنترۆڵ نەکات.

ئەندامە کۆن وتازەکانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەرتبوون وکەتنە دژایەتی کردنی یەکتریدا، ولە ژێر چەند ناونیشانی نوێ لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی لە ئێران وسوریا وبەپشتیوانی دەزگا هەوڵگریەکانی ئەم دوو وڵاتە دەستیان بەکار وچالاکی کردەوە. لە بەرئەوەی ساڤاکی ئێرانی متمانەیان بە ڕژێمەکەی ئەسەد لەسوریا وجەلال تاڵەبانی نەبوو، هەروها لەسەر ئەو بنەمایەی کە تاڵەبانی لەناوچە هاوسنوریەکان لەگەڵ ئێران هەژموونی هەیە ولەلایەن دیمەشقەوە پشتیوانی دەکرێت بۆیە تاڵەبای بۆتە مایە سەرنج ولێ ڕامانی چینێکی گەورەی گەلی کوردستان ولەکەسایەتییدا " قارەمانی فریادرەس" بینرا.

لایەنی بەرامبەریش ڕێگەیاندا کورانی مەلا مستەفا (قیادە موەقەتە) هێز بنێرن بۆ ئەوەی شەری ڕێبەرایەتی داگیرسێنن. بۆیە شەری هەکاری لەوبەشەی کە تورکیا کوردستانی داگیرکردوە ولەژێر چاوي میتی تورکی شەر رویدا.

سەبارەت بە دۆزی کورد، ئەو شەرە نسکویەکی گەورە وهیما وئاماژەیەکی لەسەر زاڵبۆنی بەرژەوەندیەکانی دەستەبژێری وخێڵایەتیی بەرتەسک وبێباکی بە پرۆژەی رزگار بونی نیشتمانی بوو. شەری هەکاری رەشبینی وبێ ئومێدیی بۆ گەلی کورد کە لەدەستی ڕاگواستنی زۆرەملێ وسیاسەتی تەعریب وکردەوە سەرکوتکەرانەکی دەزگا ئەمنیەکای بەعەس دەناڵاند هێنا.

بەڵێ خەبات گێڕان وەک سالح یوسفی وشەوکەت عەقراوی وچەندین کەسی تر لەبەغدا بوون ودژی سیاسەتەکانی مەلا مستەفا وەستان کەبوونە هۆی ئەوەی شۆرشی کوردی سەربەخۆیی بریارەکانی لەدەست بدات وبەرهەڵستی پشت بەستنی ناو براو بەکۆنە پەرستی دەکرد، ئەوان دەیان توانی ڕۆڵێکی جیاواز بگێڕن بەلام لە لایەن هەوالگری بەعسەوە زوو تیرۆرکران.

بەکورتی، گەلی کورد لە نێوان ساڵەکانی 1975 ـ 1991 ـ 2003 بەردەوام لەگەران بەدوای " پالەوانی فریادرەس"دا بوو.

ئەو ماوەیە بە مەترسیدارترین ماوە هەژمار دەکرێت، چونکە پلانەکانی ڕژێمی بەعس لە تەعریب وڕاگواستنی زۆرەملێ بەشێوەیەکی توند لەبواری جێبەجێکردندا بوون هەروەها لەوماوەیەدا ولە ساڵی 1980 رژێم توانی چینێکی گرنگ لەکوردە فەیلیەکان لەناو ببات ولە 1983 بارزانیەکانی جینۆساید کرد و لە ساڵی 1987 ـ 1988 هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە بەرفروانەکی ئەنفال کە لە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان دۆکیومێنت کراوە، چەکی کیمیاوەی بەکار هێنا ولەئەنجامدا دەیان هەزار مرۆڤی سڤیل وبێ تاوان بوونە قوربانی.

لەسەروبەندی شەری عیراق وئێراندا، کەماوەی هەشت ساڵی خایاند، بەپاڵپشتی ئێران وسوریا سەرکردەی حزبە کوردیەکان چالاک بوون و " قارەمانە فریادرەساکان" زیادیان کرد.

هەروەها کۆمەڵێک ناو وەک: جەلال تاڵەبانی، نەوشێروان مستەفا، ئیدریس ومەسعود کورانی مەلا مستەفا، سامی ـ محەمد مەحمود عەبدولرەحمان، رەسول مامەند وچەند سەرکردەیکی تر لە لەحزب وبزوتنەوە ئیسلامیە کوردیەکان دەرکەوتن.

بەکورتی، سەرکردە کۆنەکان لەوکاتەی کە شکست و کردەوە نەشیاوەکانیان لەبیر کردەوە لەژێر چەند دروشم و ناونیشانێکی جیاواز بەمەبستی سەپاندنی هەژمونی خۆیان بەسەر ناوچە سنوریە چۆڵکراوەکاندا سور بون لەسەر پراکتیزە کردنی ڕۆڵی قارەمانیەتی، ئەمەش نسکۆی مەزنی لە ڕێرەوی خەباتی نەتەویی گەلی کورد وکورتهێنانی لە ئافراندنی سەرکرایەتیەکی نوێ وجیاواز لە سەرکردایەتیە کۆن و شکست خواردوەکەدا دروست کرد، بەمەش سەرلەنوێ دەسەلاتی سەرکردە شکست خواردوەکان پتەوبوو، ولەگەڵیانداپێگەی دەزگا هەوالگرییەکانی وڵاتان بەوئاقارە کە دەیانەوێت کۆنترۆڵ وئاراستەی بزوتنەوە چەکداریە کوردیەکانیان کرد.

گۆڕەپانی کوردی لەو ماوەیەی کەئاماژەمان پێ دا شەرێکی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵات وپارە لەنێوان مەسعود. جەلال بەخۆ بینی. لێرەدا مەسعود هاوپەیمانیی لەگەڵ سەدام حوسێندا بەست ناوبراویش کلیلی هەولێر ڕادەستی مەسعودی هاوپەیمانی کرد، لێرەدا ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر وبڵگەنەویست هەیە ئەویش ئەو چەکانەی کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێ پێشکەشی دولاینەکی شەری ناوخۆیی کرا هەرگیز بۆ داکۆکی کردن لە خاکی کوردستان نەبوو بەڵکو بۆ بەردەوامیدان بە شەری ناوخۆ بوو. ژمارەی ئاوارەکان لەهەردوو لا بەهۆی"شەری دەسەڵات" 140000کەسی تێپەڕاند وبەپێ ئاماژە ونوسینەکانی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی کریس کۆتجیرا ئەو کەسانە قوربانیی "پاکتاوی ئادیولۆجی" بوون، لەم بارەشەوە ڕۆژنامە نووسی ئەمریکی مایکڵ رۆبن دەڵێت: لە ساڵی 2000 کاتێک یەکەم جار سەردانی کوردستانی عیراقم کرد  پێش ئەوەی بتوانم لەهەولێرەوە برۆم بۆ سلێمانی کەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرێوەدەبرێت پێویسیتم بەرێگە پێدانی ئەمنی لەلایەن دەزگای هەوڵگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

چەکدارانی پارتی دەستیان بەسەر ئیبراهیم خەلیلدا گرت کە ڕۆژانە داهاتەکەی بە یەک ملیۆن دولار دەخەملێنرێت ئەو داهاتە بەسەر کوردستان وەک نیشتمان وهاوڵاتی بەیەکسانی دابەش نەکرا، چونکە سنووری کوردستان سەبارەت بە مەسعود لەو خاڵەی کە هەژمووني تاڵەبانی دەست پێ دەکات کۆتای دێت.

مونۆپۆل کردنی داهاتەکانی ئیبراهیم خەلیل لە لایەن مەسعود وکەسە نزیکەکانی هۆکاری هەڵگیرساندنی شەری دەسەڵات بوو. بۆیە کوردستانەکەی مەسعود کەلەلایەن تورکیا وعیراق پاڵپشت دەکرێت زۆر باشتر بوو لە کوردستانەکەی تاڵەبانی کە بەدەست پشێویی کۆمەڵایەتی وهەژاری دەناڵاند.

هەروەها سەرجەم هەوڵەکان بۆ رزگاربوون لە (سیستەمی گەندەڵی) تا ڕۆژی ئەمرۆمان شکەستیان هێنا چونکە تا ڕادەیەک هەوڵەکانی گۆڕانکاری هەمیشە لەلایەن ئەندامە جیابوەکان لە حیزبەکانی دەسەڵاتەوە دەستی پێ دەکرد.

لێرەشدا دوو نموونەی دەرخەری مەترسیەکانی پشت بەستن وگرێدانی هیوا وئاواتەکان بەو"قارەمانە فریادرەسەی" پابەندنەبوو بە بەهاکانی نیشتمان پەروەری وشۆرگێریدا دەهێنینەوە.

نموونەی یەکەم: سامی (محەمەد مەحمود عبدولرەحمان) لەدوای ساڵانێک لە هەماهەنگی وکاری هاوبەش لەگەڵ مەسعود وئیدریس لە 26 تەموز ساڵی 1981 لەو دوانە جیابوەوە وحزبی گەلی دیموکراتی دامەزراند وبۆ بەرانگاربونەوەی کۆنەپەرستیی کورانی مەلا مستەفا وعەقڵیەتە دەرەبەگایەتیکەیان وحزبە عەشیرەتگەراییەکەیان کۆمەڵێک دروشمی پێشکەوتنخواز ودیموکراتیی بەرز کردەوە وژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران وبەتایبەتی جەماوەری ناوچەی بادینان لە دەوری کۆبوونەوە. ژمارەیەکی بەرفراوان لە ڕۆڵەی گەلی کورد پاڵپشتیان کرد وهیوا وئاوتەکانیان پێ گرێدا چونکە ناوبراو بوو بە " قارەمانی فریادرەس"، بەڵام ئەو هیوا وئاواتانە داروخان وبا بردنی چونکە (سامی)ی سۆسیال وکۆمەنیست وروشنبیر وپێشکەوتن خواز لەهاوینی 1993 گەڕایەوە بۆ هەمان ئەو مۆڵگایەی کە پێش دە ساڵ جێی هێشت بوو، ئەو مۆڵگەیە لەجاران زیاتر گەندەڵ وکۆنەپەرست وخێڵەکی وپاشکۆی ئەجیندا دەرەکییەکان بوو. (سامی)ش لە لایان هەڤالەکانی رەخنەی توندی لێ کرا تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بە خیانەت وهەڵپەرستی تۆمەتبارکرا.

چۆن عەشیرەت گەرایی وکۆنەپەرستی وسیستەمی گەندەڵی بەسەر پێشکەوتنخوازی ودیموکراسی ودادگەری کۆمەڵایەتی لە کومەڵگە کوردستانیەکەمان سەرکەوت؟ ئایە کۆنەپەرستی وخێڵایەتی خاوەن جانتا پر دۆلارەکان کە سەرچاوەکەیان هەر چیەک بێت. لە دڵسۆزی بۆ نیشتمان وبەها پیرۆزەکان بەهێزتر وخۆشویستترە؟

نموونەی سامی لەپاشاندا ولەهەڵومەرجێکی جیاوازدا نموونەی نەوشێروان مستەفا ئەمین ئاماژەیەکی روون وبەرچاون لە سەر هەبوونی خەوش وکەم وکورِیەکی قول لەئەخلاق وبەها وچەمکەکانی کۆمەڵگەی کوردیمان، بەهاکان ئەو بەهایانەن کە گەل وسەرکردە وخانەوادە قایم دەکەن ودڵسۆزی بۆ نیشتمان وئیرادەی خۆڕاگری وبەرهەڵستی کردن وروووبەروبونەوەی داگیرکردنی کەلتوری وشارستانی پتەو دەکات وپێش بە تێکدانی کۆمەڵگاکان وڕامکردنیان دەگرێت.

نمونەی دووەم: نموونەی نەوشێروان مستەفای جێگری سکرتێری گشتی کە لە هەڤاڵی خۆی جەلال تاڵەبانی جیابووەوە.

ولە ساڵی 2009 لەکەشێکی ئازاد وپارە بەردەستدا بزووتنەوەی گۆڕانی دامەزراند وبەڵێنی بنبڕکردنی گەندەڵی ونهێشتنی خزم خزمێنە ورێگری لەساختەکردنی هەڵبژاردەکان وهەڵگرتنی ستەمی کۆمەڵایەتی وبونیادنانی بنەمای ئۆپۆزسیۆنێکی دیمکراتخواز وڕاستقینەی دا، ئەم دەستپێشخەریە هاوکات لەگەڵ گەیشتنی نارەزایەتیەکانی جەماور بەهۆی گەندەڵیەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدار وپەیوەندیە دەرەکی گۆماناویەکانیان وتاڵانی کردنیان بۆ سامانی گشتی ڕاگەیاندرا، بۆیە جەماوەر بە پەرۆشی وبەگیانێکی نیشتمانپەروەری بەرزدا چوونە پاڵ

(گۆڕان) ئەمەش پەیامیکی گەیاند کە ئەم گەلە زیندووە وتامەزرۆیە بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی.

پێشبینی خێر وخۆشیمان کرد، لەواقعیشدا هەڵ ومەرجە نێودەوڵەتی وهەرێمی وناوخۆییەکان لەباربوون بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی ودیموکراتیی کارا وبەدەستهێنانی ڕێزی وڵاتان بۆ حکومەتی هەرێم هەروها هێنانی وەبەرهێنەرە بیانیەکان بۆ پەرەپێدانی ئابووریی هەرێم وهەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی.

نەوشێروان وهەڤاڵەکانی سەرکەوتوانە ئەو بەشەیان بڕی کە ڕێگە دەدات بە دامەزراندنی گۆڕان لەپاشاندا ولە سۆنگەی هێزەوە بەچوار وەزیروە بەشداریان لە " حکومەتی گەندەڵەکان" کرد، بەڵام مخابن نەوشێروان ئەوبەشە رێگایەی ماوە کە بە بەشێکی گرنگ وستراتیجی دەزانرێت تەواو نەکرد، واتا بونیادنانی ژێرخانی ئۆپۆزسیۆنێکی رێکخروا کە گرنگی ژیانی دیموکراسی بۆ بونیادنانی ژیانیکی سەردەمیانە دەزانێت تێدا هاوڵاتی بەسەر بەرزی بژیت.

سیستەمی سیاسی کوردی بەگشتی بەبزووتنەوەی گۆڕانەوە بەدەست نبوونی ژێرخانێکی پتەو بۆ دامەزراندنی حزبێکی دیموکراتخواز دەناڵێنێت بۆ ئەوەی ئەو حزبە بتوانێت لە رووی ئالنگاریە گەورەکان بوستێتەوە، لە وانەشە تە واو نەکردنی ئەو ڕێگایەی کەباسمان کرد بۆ عەقلیەتی دەستەبژێری سەرکردایەتی وترسیان لە دەستدانی ئمتیازاتەکانیان وگەیشتنی کەسانی چالاک ودینامیکیتر بە پێگەکانی بریاردان دەگەڕێتەوە.

وێڕای ئەوە گۆڕان دروشمی گۆڕانکاریی بەرز کردەوە بەڵام لەناخەوە لەگۆڕانکاری دەترسا وکاتی ئەوەی زەمینەی یەکلاردنەوەی بژاردەکان ڕەخسا تەکتیکیان هەڵبژارد ولە ستراتیجدا پاشگەز بوونەوە، ئەمەش بوو بەمایەی نائۆمێدی بۆ ئەوکەسانەی کە هیوا وئاواتی خۆیان لەسەر بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتخواز وفرە ڕەنگ دوور لە هەیمەنەتی بنەماڵە گەندەڵەکان گرێدا وگورزێکی کوشندەی بۆ درووستکردن.

سەبارەت بە ژمارەیک لە ئەندامە پێشکەوتووەکانی گۆڕان، پلە وپۆست وئیمتیازات وموچەی لەخشتەبەر پاڵنەرێکی بەهێز بۆ چوونە پاڵ " دەسەڵاتی گەندەڵی میراتگەرایی" لە هەولێر بوو.

بێگومان لەنێو گوڕاندا کومەڵێک کادری پابەند هەیە وبەهیچ شێوەیەک دەست بەرداری پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی (گۆڕان) نابنەوە، کە بەشێکیان دۆستی منن، متمانەی بەرفراوانی جەماوەریان بەدەست هێنا بەڵام لە پێگە بریاردان نەبوون.

فەزای ئازادیە گشتیەکان لە کۆمەڵگای سلیمانی لە هولێر ودهوک فراوانترە بۆیە دەستپێشخەریەکانی گۆڕانکاری لە سلێمانیەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی دێن، لەوای داکشانە کارەساتبارەکەی گۆڕان بەرهەم ساڵح لە ئەیلوولی2017، جێهێشتنی یەکێتی نیشمانی کوردستان ودامەزراندنی حزبێکی ئوپۆزسۆن بەناوی هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی ودادگەری ڕاگەیاند وبەنیاز بوو لە 2018 لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەشداری بکات. هەروەها شاسورا عەبدولواحید ڕاگەیاندکار وبزنیسمان لە تەشرینی یەکەمی 2017 کیانێکی تازە بەناوی (نەوەی نوێ) دامەزراند، لەکاتێکدا حزبەکەی بەرهەم ساڵح بەرەو سەرنگوم وخامۆشیی خێرا دەروێشت (نەوەی نوێ) بەردەوام چالاکتر دەبوو.

هەروها لە مانگی تەموزی 2021 یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی لووتکەدا دوچاری گورزێکی چاوەروان نەکراو بوویەوە ولەلایەن هەندێک کەسەوە بە (کۆدەتای کۆشکەکە) ناونرا وئەمە لە جەوهەردا تێکەڵەیەک لە ململانێ نێوان بنەماڵە دەسڵاتدارەکان ودەست تێوەردانە ناوخۆیی ودەرەکیەکان بوو.

سیستەمە سیاسیەکەی بەڕواڵەت "دیموکراسی" کە لە ساڵی 1991وە تا ئێستا لە لایەن دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم کوردستان دامە زراوە بێجگە لە رووپۆشێک بۆ سیستەمی فیوداڵی، دارایی، قورخکاری، بنەماڵەیی کە دەستی گرتوە بەسەر دەسەڵات ودامودزگا بانقی وبازرگانی وخزمەتەت گوزاریەکان بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیەکانین هیچترنیە.

لە سەدەی ڕابردووگەلی کورد بۆ رزگاربوونی لە چەوساندنەوەی دەرەکی بەدوای " قارەمانی فریادرەس" دا دەگەرا، بەڵام لەم سەدەی ئێستادا گەل بەدوای "قارەمانی فریادرەس دەگەرێت بورزگاربوونی لە دەسەڵاتی بنەماڵە گەندەڵەکانی ناوخۆیی، ئەوانەی کە خەونی گەلیان کردە مۆتەکە و بەزەبری سامانی دزراو ولە رێگەی ساختە وبەپاڵپشتیە دەرکیەکان، بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ (حکومەت و پەرلەمان ودەسەڵاتی دادوەری)یان کردە ئەمرازێک بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندیەکانی بنەماڵە ولە ئەنجامدا وێنەیەکی ناشرین ونەرێنی بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیان پیشان دا.